# (تێڕامانێک لە بزووتنەوەی کۆمونیستی و گرفتەکانی*) و چەند سەرنجێک

هەژێن

٢٠٠٥/٠٦/٠٩

## بەشی یەکەم

سەرەتا داوای لیبوردن لە هاورێ بژار و خوێنەرانی هێژا دەکەم، کە من دەستەواژەی (درێژەی هەیە)م لە کۆتایی بەشی یەکەمی نووسینەکەی هاورێ بژاردا نەدیتبوو، ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمییەوە نەبوو، بەڵکو کۆتایی نووسینەکە، ئەوە نیشان نادات کە شتیتری بەدوادا دێت!

هەروەها جارێکیتر دەستخۆشی لەم هاوڕێیە دەکەم، کە ئاوا بوێرانە بەردێکی فرێداوەتە گۆمی مەنگی پارتایەتی و لە دیواری ئەستوری تابووەکانی بۆلشەڤیزمدا، هەوڵی کردنەوەی کەلێنیکی داوە بۆ تێرامان لە خولانەوەی بزووتنەوەکە لە بازنەیەکی داخراودا، کە مێژووی لە مێژووی خودی بۆلشەڤیزم درێژتر و پڕ نهێنیترە بۆ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە لە جیهاندا بەگشتی و لە عیراق و کوردستاندا بە تایبەتی.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش ڕوونکەمەوە، کە سەرنجەکانم تەنیا بۆچوونە پێشنیارکراوەکانی هاورێ بژار ناگرنەوە، بەڵکو ئەو توانجانەش دەگرنەوە، کە عادل ئیبراهیم، لە دەمی کەرتبوونەوەی ئەم دواییانەی ((حککع))ەوە لەبەرامبەر نووسینەکانی هاورێ بژاردا وەك هەوڵێك بۆ تابووکردنی ڕەخنە هانایان بۆ دەبات!

دەستپێکی سەرنجەکانم:

بەرای من باشتر دەبوو، ئەگەر هاورێ بژار باسەکەی بکردایە بە چەند تەوەرەی جیاوازەوە، چونکە باسەکەی لک و پۆی فرەی لێبووەتەوە و هەریەک لەوانە ئەوە هەڵدەگرێ، کە بەتەنیا و بەدرێژی بە لەبەرچاوگرتنی وانە مێژووینەکان و هەڵسەنگاندنیان لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕەکانی ئەورۆکە، کە هەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی بە خۆیەوە بینیویەتی و هەم کاردانەوەی پرۆلیتاریا بەچین و توێژە پێکهێنەرەکانییەوە، کە لەبەرامبەر هەوڵە تێکشکاوەکانی ڕابوردوودا لە خۆی نیشانی دەدات. بۆ نموونە دەکرا ئاوا بێ:

- پارت
- پارت و چین
- پارت و خەباتی جەماوەری
- ناوەندێتی سەنترالیزم
- ڕابەر
- مافی ئەندامان
- ئەرکی ئەندامان
- هتد...

ئەمانە سەردێری ئەو بابەتانەن، کە هاوڕێ بژار ویستوویەتی لە بارەیانەوە بدوێ و ئەڵتەرناتیڤی پەسەندی خۆی بخاتەڕوو. هەروەها دەبوو سەرەتای باسەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێبکات، ئاخر هەم پارت و هەم بابەتە پەیوەستەکانی سەرەتایان بۆ دوای تێکشکانی ئەنتەرناسیونالی یەکەم دەگەڕێتەوە و بەبێ ناسینی تەواومان لەسەرەتای بابەتێك، هەڵسەنگاندنمان لە کۆتاییەوە، بێجگە لەسەرەگێژە و بەهەڵەداچوون، ئەنجامێکی دیکە بەدەستەوە نادات.

هاوڕێ بژار هەر لەیەکەم ڕستەیەوە، بێ پایەبوونی بۆچوونەکانی دواتری، کە پێ لەسەر پارتایەتی تەواوی چینی کارگەر دادەگرن، بەم دەستەواژە ( ئەگەر حزبی مارکسیستی ڕاستەقینە،...) هاوڕێ بژار، کە بەتەمایە پارتێك بۆ سەراپای چینی کارگەر دامەزرێنێ و مارکیستیش بێ. ئەمە بێجگە لەوەی، کە سۆشیالیزم و بزووتنەوەی سۆشیالیستی دەکاتە ئایدیا و داهێنانی مارکس و مارکسیزمیش دەکاتە ڕێڕەوێك (مەزهەبێك)، کە بانگەشەی ئەو بەهەشتە دەکات، تێڕوانین و بۆچوونە جیاوازەکانیتری ناو بزووتنەوەکە، نادیدە دەگرێ و چەند چینە بەردێکیتر لەسەر ئەو دیوارە سکتاریستییە هەڵدەچنێ، کە لەسەردەمی ئەنتەرناسیونالی یەکەوە بناخەی دارێژرا و بوو بە زەمینە خۆشکەری ئەو تێکشکان و پارچە پارچە بوونەی بزووتنەوەکە، کە ئەوڕۆکە قورسایی لەسەر شانی هەمووماندا ناوە.

دەبوو ئەوەی بۆ ڕۆشن بووایە، کە پارت هێڵێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی پێویستە و دواجار لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا، ئەرکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەوانەیە کە لایەنگری هێڵە سیاسییەکەی وپەیڕەوی ئایدیۆلۆژیاکەی و وەرگری (قبولکەری) بەرنامەکەی وین، ئەمەش وەك دەبینین بێجگە لە سکتاریزم و پارچە پارچەکردنی بزووتنەوەکە، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە و نابێت. ئەمە قسەی داتاشراوی من نییە، بەڵکو سەرەنجامێکە کە خودی هاوڕێ بژاری ناچار بە دەنگهاتن کردووە! کاتێك کە پارت نەتوانێت، شتێك واوەتر لەوە بێت، کە هەیە، ئیتر بیرکدنەوە لە ڕێگەی دووەم یا ڕاستر بڵێم گەڕانەوە بۆ ڕێگەی یەکەم، کە ئاراستە و تێڕوانینەکانی تری ناو بزووتنەوەکە لەبری پارتایەتی بۆ خەباتی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆ هەڵیانبژارد، واتە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پرۆلیتاریا، کە بەنۆرەی خۆیان بەپێچەوانەی پارتەوە، چینەکە دەگرنەوە و بەشەکانی لێك هەڵدەپێکن؛ هەر ئەوەی کە بەڕێزتان بەدوایدا وێڵن و لە جوارچێوەی پارتایەتیدا دەستتان پێیڕاناگات!

بەبڕوای من، وەك لە سەرنجەکانی پێشووشدا، پەنجەم بۆ ڕاکێسا، هاوڕێ بژار دەبوو لە پێناسەی سۆشیالیزمدا خۆی ساخکردایەتەوە، ئەوسا بچووایەتە سەر شێوازی خەبات بۆ گەیشتن لە سۆشیالیزم و لەوێشەوە گەڕان بە دوای چەکێكدا، کە بزووتنەوەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا پێویستییەتی. ئەمە گرفتی زۆربەی مارکسیستەکانە و هەر ئەمەشە خاڵی سەرەتای ئاوەژوو بیرکردنەوەیان و زیاتر هەڵخلیسکاندنی بزووتنەوەکەیە بۆ ژێر ساباتی سەروەران. بەواتەیەکیتر کاتێك کە مارکسیستەکان سۆشیالیزم بە دۆزینەوە (کەشف) و داهێنانی مارکس دەبینن، ئیتر ناچار لە هەر گرفت و تێکشکانێکیاندا، لەبری ئەوەی لە هۆی سەرهەڵدانی گرفتەکە و ڕوودانی تێکشکانەکە بکۆڵنەوە و ئەزموون وەرگرن، پەیڕەوگەر (مەزهەبی) ئاسا، پەنا دەبەنەوە وتەکانی مارکس و پاشڕەوانی و سەرلەنوێ هەمان ڕێچکە دەگرنەوەبەر و چەندجارە لایەنگرانیان لەبەردەم باری تێکشکانەوەدا یا بەقوربانی دەکەن لەپێناو هیچ یا دەیانکەنە نێچیری دەم دێوەزمەی نائومێدی و بەشێك لە پاگەندەی دژ بە سۆشیالیزم. بۆ نموونە هێنانەوە پێویست ناکات دوور بڕۆین، سەرنجدانی مانەوە یا تێکشکانی زۆرێك لە ئەندامانی هەردوو پارتی مارکسیست-بۆلشەڤیکی (حشع و حککع)، بەسە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە!

وەک وتم هاوڕێ بژار لەبری ئەوەی خودی ئامرازەکە بخاتە ژێر سەرنجی چینایەتی و هەڵسەنگاندنی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی زیاتر لە سەدەیەك و هەزاران پارت و دەیان ڕەنگی پارتایەتی، هەر لە سۆشیال-دیموکراتەوە تا سۆشیالیست و کۆمونیست و کارگەری و مارکسی و لینینی و ماوی و هەزاران پاشگریتر، کە زۆرجاران بەوەشەوە نەوەستاون و بۆ کۆکردنەوەی خۆیان تەنانەت سۆشیالیزمیشیان هەزار ڕەنگ کردووە و هەر کەسە و بە ئارەزوی خۆی سۆشیالیزمێکی داتاشیوە.

سەردەمێکی فرە دوورودرێژە، ئەو ڕاستییە خۆی سەلماندووە، کە پارت ئامرازێکی نامۆیە بە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی پرۆلیتاریا و ڕۆڵی تۆڕێکی ورد دەبینێ لە گێرانەوەی ئەو کەسانەی کە لە سەروەری چینایەتی یاخی دەبن؛ پارێزەری دەسەڵات و ڕاگر و چێکەرەوەی یەکەکانی سیستەمی چینایەتییە، ئەوەی کە بە یاسا و سزاکان ئەنجام نادرێ، پارتەکان پێیهەڵدەستن و جارێکیتر ئەو تاکانەی** کە نیازی سەرکەشییان هەیە، دەهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست ( سراط المستقیم)ی چەوسێنەران. دەیانکاتە بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ و دەستەمۆ، کە بەبێ فەرمانی سەروی خۆیان توانای بڕیاردانیان نابێت و توانای بیرکردنەوە و تێڕامانیان نەک لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە و دەوروبەیان نابێت، بەڵکو ئاوەزیان بە ناکۆکبوونی هەڵوێستی دوێنێ و ئەوڕۆکەی خۆیان ناشکێ و هەمیشە چاوەڕێ دەمێننەوە، تاوەکو شوانە سیاسییەکانیان پێیان بڵێن بەرەو کوێ ملی ڕێگەی هات و نەهات بگرن! ئەمە تەنیا کارێکە، کە بەدرێژایی سەدەیەک زیاتر پارتە سیاسییەکان پێیهەستاوون.

کەسی سۆشیالیست پێش هەموو شتێک ئازادیخوازترین تاکی کۆمەڵە، ئیتر چۆن دەتوانێت تۆڕ بکاتە ئامرازی ڕزگارکردنی خۆیی و هاوچارەنووسانی. چۆن دەتوانێت تۆڕی وردی دەستەمۆکردنی ئەندێشە و هزر وەک چەکی ڕزگاری لەدژی داهێنەرانی ئەو تۆڕە (چینە سەروەرەکان) بەکار بهێنێت. پەیوەندی نێوان پارت و کارگەر، چەوەساوە و پرۆلیتار، پەیوەندی نێوان ڕاوچی و نێچیرە، پەیوەندی نێوان کەو و داو. پارت ڕێک بەپێچەوانەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پرۆلیتاریاوە، ئامانجی کەرتکردنی هێزی چینەکە و دوورخستنەوەی هەڵسوڕاوانییەتی لە مەیدانی خەباتی ڕۆژانە. مەگەر وانییە، بڕواننە هەڵسوڕاوانی یەکێتی بێکاران، ئاوارەکان، ژنان و خوێندکاران و تد... ئایا هێشتا پێویست بە شیکردنەوە دەکات؟

هاوڕێ بژار خوازیاری سەرخوارکردنەوەی ناوەندێتییە لە پارتدا. سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین، کە ناوەندێتی میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستەوەی ئەو تاکە سەر کێسانەی کە باسمانکردن، لەسەر بنەمای ڕێکخستنی چینایەتی کۆمەڵگە، ناوەندیش وەك بەرکاری ئەم میکانیزمە، ناتوانرێت شوێنگۆرکێی پێبکرێت، چونکە، تەنیا لەسەرەوە دەتوانێت بوونی هەبێت و خستنەخوارەوەی بەمانای لابردنییەتی و لابردنیشی مانای نەمانی پێداویستی میکانیزمەکەیە و نەمانی میکانیزمەکەش، بە لە پەلوپۆخستنی تەواوی دەزگەی پارتە. ئەمەش جارێکیتر دەمانباتەوە سەرەتا و هەمان پرسیار قوتدەکاتەوە، ئەگەر پارت و میکانیزمەکانی ڕێگرن، ئیتر چ پێویست بە دەستپێوەگرتنیان دەکات؟ هەروەها دەبوو هاوڕێ بژار ئەوەی لەبیر نەچووبا، کە ناوەندێتی و ناوەند لەسەر بناخەی بوونی ڕیزەکانی خوارەوە ( بنکردایەتی) خۆی ڕادەگرێت، ئەگەر واشی دابنێین مەبەستی تۆ لە بە بنکردایەتی کردنی ئەندامانی ناوەندی و نووسینگەی سیاسی و چی و چی و تد.. و بەسەرکردایەتی کردنی بنکردایەتی بێت؛ سەروخوارکردنەوەی پارت، ئەوا هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت، چونکە گرێکوێرەکە لە بوونی خودی ناوەند و میکانیزمەکەیدایە، نەک لە ناوی کەسەکانی و چاکە و خراپییان. ئەگەر گرفتەکە لەوەدا بووایە، ئەوا بە ڕێکەوتیش بووایە، لەماوەی ١٠٠ ساڵدا، کەسێکی چاک و دلسۆز هەڵدەکەوت و پارتی دەکردە ئەو ئامرازەی، کە تۆ دەیخوازی، بەڵام ڕاستی پیچەوانەی ئەم ئارەزووەیە و ئەوە بوونی ناوەندی و میکانیزمی ناوەندێتییە ، کە کەسە دلسۆزەکانی گۆڕیوە بە مشتێک بیرۆکرات و سەروچین!

هەروەها خاڵی دووەمیش، کە خەونی لابردنی هەتاهەتایی زنجیرەی پلەوپایەی پارتایەتییە، تاوەکو پارت لەناو هەڵسوراواندا دەستی بۆ ببرێت، بەردەوام زنجیرەی پلەوپایە و پایەخوازی لەدایکدەبێتەوە، وەک وتم، ئەمە بەرهەمی ویستی کەسەکان نییە، بەڵکو دەردرواى سروشتی پارتایەتییە، تەنیا بە وەلانانی پارتایەتی لە لایەن سۆشیالیستەکانەوە، گۆڕی ئەم تایبەتمەندییە بۆرژوازییە ون دەبێت.

هاوڕێ بژار دەڵێت: " هیچ کەسێك و هیچ ئۆرگانێک خاوەنی دەسەلاّت نابێت." ئەوەندەی من لە ویستی تۆ بگەم، ڕێکخراوەی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتێری باس دەکەی تاوەکو پارت، چونکە پارتی بێ ئۆرگان بوونی نییە و ئۆرگانی پارتی بێدەسەلاّت بوونی نییە! دەکرێ بپرسین، کۆمیتەی ناوەندی و ڕابەر و سکرتێر و لێدەر و چی و چی، بوونیان بۆ چییە و بۆچی دەبێ ببن؟ ئەگەر بونیان پێویست بێ، ئەوا لە پێدوایستی ڕاگرتنی دەسەلاّتی سەرکرادیەتی بەسەر بنکردایەتییەوەیە. پێداویستی ئەمانە لەو شتەوە سەرچاوە دەگرێ، کە پارت وەك دەزگەیەك دەکاتە پێداویستی و پارتیش بەبێ ئەمانە پارت نابێ. هەڵبەتە بۆ دەرکێشانی خەباتی چینایەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا لەژێر سێبەری پارتایەتیدا، تەنیا پشتکردنە پارت وەلاّمدەرەوە نییە، بەڵکو ڕێکخستنی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕی جەماوەری لەبەرامبەر ڕێکخراوە زەردەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییە پاشکۆکانی پارتە سیاسییەکان، کە لە وێنەگرتنەوەی (کوپیکردنەوەی) پارتەکان چیدیکە نین، دەتوانێ ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانە بێت!

لە سەرەنجامێکی کەدا، کە ئەم هاوڕێیەمان پێی گەیشتووە، ئەوەیە: یەک دەسەلاّت لە پارتدا دەەبێت، کە ئەویش دەسەلاّتی چینایەتیانەی چینی کارگەرە، ناوەندیتی خوارەوەش خۆبەخۆ ، نوێنەرایەتی دەکات. لە خاڵی پێشووتردا باس لە نەبوونی دەسەلاّت (بەبێ پاشگر) دەکرێت، کەچی لەم خاڵەدا باس لە دەسەلاّتی چینایەتیانەی کارگەر دەکرێت و ناوەندێتی خوارەوە، نوێنەرایەتی دەکات! کامە دەسەلاّت؟ ناوەندێتی خوارەوە، نوێنەرایەتی کامە چینی کارگەر دەکات، تۆ لەسەرەتای نووسینەکەتدا پارتی مارکسیستی دادەمەزرێنی و بەمەش هەم کارگەرانی مارکسیست لە نێو خەباتی چینایەتی دەردەهاوێی و هەم نوێنەرایەتییەکەی خوارەوە هەرگیز نوێنەری چینەکەکە نییە و دەسەلاّتێکیش کە ئەم نوێنەرایەتییە سەروخوارکراوەی تۆ نوێنەرایەتی دەکات، هی چینی کارگەر نییە، چونکە کارگەر لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا، نەک دەسەلاتی نییە، بەڵکو لە مرۆڤبوونیش کەوڵکراوە، ئەوەی هەیەتی و شکی دەبات، هێزی یەکگرتنیەتی وەک چین و ئەم هێزەش تەنیا کاتێک شکی دەبات، کە پشتی کردبێتە میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی و لەوانەش ناوەندێتی پارت!

"دیسپلینی پارتایەتی کۆتایی پێدەهێنرێت و دیسپلینی چینایەتی جێگەی دەگرێتەوە." دیسپلین، خواستەی پارتایەتی و دەزگەی سەرو خەڵکییە و ناکۆکییەکی سروشتی لەگەڵ ئازادی و ویستی مرۆڤدا هەیە و هۆکارێکە بۆ وردوخاشکردنی توانایی جەماوەر. دیسپلین، ڕەنگانەوەی یاسا سەروخەڵکییەکانە و چینی کارگەر لە خەباتیدا پێویستی بە دیسپلین نییە، لەبەر ئەوەی کە ڕێکخراوبوونی وی لەسەر بنەمای پێداویستی خەباتی ڕۆژانەیەتی و ئەوەش کە پاڵی پیوەدەنێت بۆ چالاکبوون و هەڵسوڕان لەو خەباتەتدا، ئامانجبوون و بوونە پیداویستی گۆڕینی سیستەمیکە کە وی بە کۆیلە ڕاگرتووە و ئەم ئامانجبوون و پێداویستبوونە، تەنیا لە بارێکدا، دەرک دەکرێت، کە هوشیاری شۆڕشگێڕانە بووبێتە بەشێك لە ئاوەزی خەڵك. کاتێکیش کە ئەمە ڕوویدا، ئیتر بێجگە لە دونیایەکی ئازاد و یەکسان و پڕدادوەری، هیچ شتێك ناتوانیت ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆمان!

سەبارەت بە ئۆرگانی ڕابەرایەتی و رابەرایەتیکردنی پارت لەلایەن چینی کارگەرەوە و نوێنەرایەتی چینی کارگەر لە پارتدا لەلایەن ئەندامانەوە و لەسەر بناخەی ناوەندێتی خوارەوە، خاڵی ٧ لە دوابەشی نووسینەکەدا. سەرەتا هەر ئێستا و لە ئەوروپادا و لەناو پارتە بۆرژوازییەکاندا، ڕابەر ( ڕاستر بڵێم شوانەی سیاسی) باوی نەماوە و سکرتێرۆکەیەک ئەو کارە ڕادەپەڕێنێ، کە لەلای چەپی ڕۆژهەلاّتی شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکرێت و تەنانەت لە بەرنامە و ستراتیژ و تاکتیک و تیۆری و ئایدیۆلۆژیا گرنگتر و زاقترە، بە ئاسانی دەکرێ پارت هەبێ و ڕابەری نەبێت. بەلاّم ئەوەی زۆر سەرنجڕاکیشە، ڕابەرایەتی پارتە لەلایەن چینی کارگەرەوە و هەڵبەتە ئەمەش بەلەبری دانان!! ئایا ئەمە هەر ئەو شتە نییە، کە ڕەخنە

لێگیراوانی تۆ پاگەندەی دەکەن، مەگەر ئەوانیش لە شەڕە ڕابەردا ڕابەری پارتەکەیان، کە لەلایەن ئەندامە ئاوەزلاوازەکانەوە هەڵبژێردراوە، هەر بە لەبری دانان، ناکاتەوە ڕابەری کاریکاتۆری چینەکە. شۆڕشگێڕی چینی پرۆلیتاریا، لە شەڕێکی بەرەدەوامدایە، کە بۆ لەناوبردنی سیستەمی ڕابەرەکان و ڕابەرایەتی دەیکات، ئیتر ڕابەری چی و ڕابەری بۆ چییە؟ جارێکیتریش لەسەر بناخەی ناوەندێتی سەروخوارکراو! ئەمە چی لە پرسەکە گۆڕی، چی لەوە دەگۆڕێت، کە پارت خۆی وەك رابەر، ڕابەری هەبێ یا نەبێ ؟!

هاوڕێ بژار لە خاڵی هەشتەمدا، دەیەوێت، تەکانێك بە خۆی بدات و سنوورەکانی ئازادی بشکێنێ، بەڵام توشی هەناسەبڕکێ دەبێت و ناچار پاشماوەی ئەو سنوورانەی کە ڕوخاندوونی لەکۆڵی دەکاتەوە و سنوورێکی گەورەتر و بەرزتر دادەنێ ( سنووری چینایەتی) من دەزانم کە ئەم هاوڕێیە، فۆرمۆلەکردنەکەی هەڵەیە و مەبەستی سنووری بەرژەوەندییەکانی چینی کارگەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بیانوودانەدەست بکوژ و ببڕەکانی ناو پارتە، تاوەکو بتوانن ئەندامانیان سزابدەن و دەرکەن و تەنانەت سەرنگون بکەن، وەک لینین لە ١٩١٨دا کردی و ستالینی شاگردی لە ١٩٥٦دا کردی و ڕێبوار ئەحمەد بەرامبەر خودی هاوڕێی نووسەر کردی! ئەوانیش بیانوویان هەر شکاندنی دیسپلینی پارت و شکاندنی سنووری چینەکە بوو، مەگەر وا نەبوو هاوڕێ ؟! بەڕای من قسەکردن لە ئازادی نامۆیە بەناوهێنانی پارت و دیسپلین و ڕابەر و سنوور. ئازادی و ئازادئەندێشی باڵدارێکی بەرزە فرە هیچ سنوورێک ناناسێ و کاتێکیش کە سنوور دەستەمۆی دەکات، ئیتر نە بەرزە فرە و نە ئازاد، بەڵکو کۆیلەیەکی بێئاوەزە وەک ئەندامانی پارت! ئاخر باسکردن لە ئازادی ئەندام، تەنیا لە شوێنێك دەبێت، کە کۆمەڵێك بەندومەرج بۆ ئازادی لە ئارادابێت، کاتێك بتوانرێت ئازادی کەسێک زەوت بکرێت، واتە دەسەڵاتی سەرو خەڵک سەرو ئەندام هەیە و کەنەکردنی ئازادی لە پارتدا، کات بەفیڕۆدانە و وەک گەڕانە بەدوای شەکر لەناو شیاکەدا! ئەندام کاتێك ئازادی لەدەستدەدات، کە خۆی و بەدەستی خۆی کەسانێکیتر دەکاتە شوانەی سیاسی خۆی و داواکردنی ئازدی لەناو پارتدا و لەڕابەر وەک خواردنی نانی شوانە لەلایەن بزنەوە و بێ سزا نابێت و گەر سەربڕین نەبێت، ئەوا هەلاواردنییەتی!

لە خاڵبەندی نۆهەمدا، باس دێتە سەر پاراستنی مافی مەدەنییەکانی ئەندامان، کە هەر دیوەکەی تری زەوتکردنی مافە نامەدەنییەکانی ئەندامانە (مەبەستم بە گاڵتەگرتن نییە)، جێی خۆیەتی لە خۆمان بپرسین: پاراستنی لە بەرامبەر کێ، قسەمان لەسەر کۆمەڵگەیەکە یا لەسەر پارتێك، کە وەك هاوڕێ بژار خۆی پێی لەسەر دادەگرێت، بڕیارە وێناکردنی کۆمەڵگەیەك بێت کە لەپێناویدا سەریهەڵداوە و بۆی تێدەکۆشێت، واتە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی؟ کاتێك، کە تۆ باس لە مافی مەدەنی ( من بەکوردییەکەی لێی تێناگەم، مەبەست مافی سەرەتاییەکانی مرۆڤە، ئازادییە گشتییەکانە، مافی تاکەکسییە، مەبەست لە مەدەنی چییە؟) ئەی مافی نامەدەنی کامەیە، ئەگەر ماف شتێکی ڕەوای مرۆییە، کەواتە هەمووکات مەدەنییە! ماف هەمیشە ڕەوایە و بۆ ئەوەی کە زەوت نەکرێت، پێویستە ئامراز و دەزگە زەوتکەرەکانی لەناوبەرین، لە پارتێکدا کە تۆ ئالای پاراستنی ماف بەرزدەکەیتەوە، کەواتە هەمیشە ئەگەری زەوتکردنی ماف هەیە، کە دەزگەیەك یا ئامرازێک کە ئەمە تایبەتمەندی بێت، ئیتر چۆن دەتوانێت، چەکی ڕزگاری چینی چەساوەی هەمیشە ماف زەوتکراوبێت؟!

دابەشبوونی کار بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی نا، بەمانا سیاسی و ئابووریەکەی، تایبەتمەندییەکی بەرچاو و ئاشکرای سیستەمی چینایەتییە (نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساو)، خەریکە دەگەینە کرۆکی باسەکە و ئەو هۆکارە ئاشکرا دەبێت، کە پارت دەکاتە پێداویستی و لەناو پارتیشدا لەسەر هەمان بنچینە، دەستەیەکی هەڵبژێردراو بۆ شوانەیی سیاسی مێگەل ئەندامان. هاوڕێ گیان مەگەر بیانووی، ڕەخنەلێگیراوانیشت، هەر ئەوە نییە، کە لەسەر بنەمای

دابەشکاری، ڕابەر و جێگیری ڕابەر، سکرتێری ڕابەر، پاسەوانی ڕابەر و دواجاریش دابینکردنی گوزەرانی ڕابەر، پاساو دەکەن؟ مەگەر بڕیار نییە، پارت ئامرازی خەبات بێت و خەباتیش ئەرکی هەمووان؟ ئایا خەبات دابەشکاری هەیە و هەڵدەگرێ، تۆ لە پێشەوە و من لەدواوە! گەر تۆ بکوژرێیت، سەربازی شەترنج زۆرە جێگەت بگرنەوە، گەر من کوژرام، ئیتر کش مەلیکە! بە چ پیوەرێك بۆمان دەسەلمێنیت، کە ئۆرگانەکانی تۆ پێویستی خەباتی چینایەتین و ئەوانەی پارتەکانیتر نا، مەگەر ئەوانیش هەروەك تۆ باس لەو پێداویستییە ناکەن؟

" هیچ جۆرە خەباتێکی پارتی نییە، تەنیا خەباتی چینایەتی هەیە." جارێکیتر دەپرسم، ئەگەر خەباتی پارتی نییە، ئەی پارت بۆ چییە؟ ئەگەر تەنیاخەباتی چینایەتی هەیە، ئیدی پارتمان لەبۆ چییە؟ مەگەر خەباتی چینایەتی شێواز و شێوەڕێکخستنی خۆی نەداوەتە دەر و گەشەشی پێنەداوە، ئەگەر نییەتی، ئەی ڕێوشوێنی خەباتی جەماوەری ڕواستەوخۆی کارگەران و توێژەکانیتری پرۆلیتاریا چی ناو لێدەنێیت و چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟ ڕاستییەکەی ئەوەی، کە لەسەراپای نووسینەکەی تۆدا شوێنی خاڵییە، خەباتی ڕاستەوخۆی جەماوەرییە و جێگرتنەوەیەتی بە کار و چالاکی پارتایەتی!

ئەرکی ئۆرگانەکان خاڵی ١٢. بەبڕوای من ڕێوشوێن و پێداویستی ژێنەرانەی هەر یەک لەو ئۆرگانانانە، ئەرکەکانی دیاری دەکات و ئەرکی ئۆرگانەکان لەناو پارتەکانی دونیادا وەک یەکە و پەیوەندی بە سروشتی پارتەوە هەیە و گۆڕینی سروشتی ئەم ئۆرگانانە، پێویستی بە گۆڕینی سروشتی پارت هەیە و ئەمەش لەیەک وشەدا دەکاتە، لەناو بردنی پارتایەتی پارت.

دوو شت هەن، کە لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتدا بەتایبەت عیراق و کوردستاندا، پێچەوانەی یەکن؛ پارتایەتی و کاناڵەکانی تەلەفزیۆن. لە ئەوروپا چوونە ناو پارتەکان و دەرچوون لێیان، نەك ئازادە و سوپاسگوزاریشت دەبن و لە چوونەدەرەشدا، وەک مافێکی سەرەتایی تاکەس، ڕێزی لیدەگیرێت، بەڵام سەیرکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەپارەیە و سەرپێچی لێناکرێت. کەچی لە عیراق و کوردستان سەیرکردنی کەناڵەکان بەخۆراییە و گەر زۆر بەدویدا بڕۆی دەتوانی پارەش وەرگری، لەبەرامبەردا، بوونە ئاندام و دەرچوون لێی، هێندە پڕ سەرئێشەیە، وەك خۆ ناووسکردنە بۆ ئابوونەی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لە ئەوروپا و ئیتر لە کۆڵت نابنەوە و زۆرجار بە سەرئێشە و سزا کۆتایی دێت. هەرچندە ئەم دوو شتە بە ڕێکەوت نییە، کە بۆ سەروەرانی کۆمەڵگە هەمان ڕۆڵ دەبینن، ئەویش گێلکردنی تاکی کۆمەڵە، کەچی بە پێی شوێن و کات ئاسانی و دژواری هەر یەکەیان جێگۆڕکێ دەکات.

<u>هیچ خەباتێکی دەڤەریی، ناوچەیی، هەرێمیی، وولاتیی (وڵاتیانە)، خەباتێکی چینایەتیانەی کرێکاران نابێت، ئەگەر ئەڵقەیەکی زنجیرەی خەباتی نێونەتەوەیی نەبێت.</u> دیارە ئەم هاوڕێیە، مەبەستی بۆ پارتە و باسەکەشی هەر بە پارتەوە پەیوەستە. بەڕای من گەر لەم خاڵەدا باسی پارتی جیهانی بکردایە، ئەوا تارادەیەك خۆم لە وەڵامدانەوەی دەبوارد، بەڵام وی مەبەستی ئەوە نییە و هەر ئەو پارتە ناوچەیییانەیە (لەچاو جیهاندا)، کە یا لەسەر ئاستی نەتەوەیی یا لەسەر ئاستی وڵات دروست دەبن و بنەمای کارکردنیان سنوورەکانی ناسیونالیزمە چ کوردی یا عیراقی. ئەمەش لەگەڵ سروشتی پارتدا تەبایە، چونکە خودی پارت بۆ لێکهەڵوەشانی هێزی ژێروەرانە و لەناو خودی پارتیشدا ناوچەگەری و بنەماڵەچیەتی هەیە و تەنانەت هاوڕێ بژاریش بە شێوەیەك پەنجەی دەخاتەسەر، کە دەستە و تاقمۆکەکانی ناو پارت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە دروست دەبن. بۆیە قسەکردن لە خەباتی ئینتەرناسیونالیستی تەنیا کاتێك دروستە، کە ڕێخستنی چینەکە لەناو خۆیدا وەک چێنێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگری و شەقێکی وا لە پارتایەتی هەڵدەی، کە دەربڕی واقیعیەتی ئەزموونەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بێت بە درێژایی مێژوو.

بەپێچەوانەی تێڕوانینی هاوڕێ بژار لە خاڵی ٢٤دا، پارت لەسەر ئەو بناخەیەی، کە چەکی چینە چەوسێنەرەکانە بۆ دەبەنگکردنی پرۆلیتاریا، هەروا‌ش ئامرازی دەبەنگکردنی ئەندامەکانی خۆی و خۆیەتی وەک گشتێك.

لە خاڵی ٢٨دا، تا ئەوێندەرێ هاوڕاتم، کە دانی پێدا دەنێیت، کە پارتەکانی تائێستا، وێنەگرتنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتین، بەڵام پارت ناتوانێت وێنەگرتنەوەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بێت، لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسمکردن، چونکە شێوە ڕێکخستنی پارت، تەنانەت ئەو پارتە دڵخوازەی تۆش، بەتەواوی بەپێچەوانەی شێوە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی یا ناچینایەتییەوەیە.

بەڕاستی هەندێکجار گۆمانم لا دروست دەبێت، کە تۆ باس لە پارت بکەیت، چونکە ئەوەی تۆ لە خاڵی ٢٩دا باسی دەکەی ڕێکخراوەی جەماوەرییە، کە بوونی ئاراستە و بۆچوونی سیاسی جیاواز نابنە ڕێگر لەبەردەم هەڵسوڕان و ئەندام بوون تێیدا. بێجگە لەمە یا لەگەڵ خۆتدا کەوتوویتە ناکۆکی یا لە هەڵبژاردن لەنێوان پارت و ڕێکخراوەی جەماوەری شۆڕشگێڕدا وەك ئامرازی خەباتکارانە، مۆلەق ماوی؟! ئەمە جێگەی دڵخۆشییە و بە دڵنیاییەوە پارت جێگەی تۆ نییە هاوڕێ!

بە سەرنجێك لەسەر خاڵی ٤١، کۆتایی بەم بەشەی سەرنجەکانم دێنم، کە تایبەت بوو بەنووسینەکەی تۆ و هەروا داوای لێبوردنت لێدەکەم، کە نەمتوانی سەرنجەکانم وردتر لەسەر پەرەگراف بە پەرەگرافی زنجیرە نووسینەکەت بێت، بەڵکو لەدوا بەشدا چڕم کردۆتەوە و ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، وەک وتم بابەتەکەی تۆ بەشبەش نەکرابوو، بەپێی تەوەرە پێکهێنەرەکانی. دووەم، بەشی کۆتایی باسەکەت وەك کورتکراوەی بەشەکانی پێشتری خستۆتەڕوو.

بەبڕوای من دەبوو، بەر لە بانگەوازکردنمان بۆ پێکهێنانی پارت (پارتی مارکسیستی ڕاستەقینە) و حکومەتی کارگەری و دامەزراندنی سۆشیالیزم لەسەر دەستی ئەو پارتە، جێی خۆی بوو، مێژووی پڕ شەرمەزاری و ساتوسەودای سیاسی پارتە (یست دارەکان)، شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر دەستی پارتی بۆلشەڤیکی دەسەڵاتخواز و بە حکومەتکەری سۆشیالیزم، تاوتوێ بکەی و وەڵامی ئەو پرسیارانەت لای خۆت گەڵاڵە بکردایە، کە بۆچ بەدرێژایی سەدساڵ بە وەستایی فردریک ئەنگلس و ڕابەری لینینەوە پارتێك هەڵنەکەوت، ئەوەبێ کە تۆ و هەزارانی وەک تۆ خەونی پێوە دەبینن و بۆچ لە سایەی حکومەتی کارگەری شێلراوی دەستی لینیندا کاگەران خۆزگە بە سەردەمی تزار دەخوازن یا بۆ باوەشی بۆرژواکانی ئەمریکاا و ئەوروپا بەهەڵەداوان هەڵدێن و چەندین هۆنەری بەتوانای وەك تۆ یا خۆکوژی دەکەن یا نهێنیکوژ دەکرێن؟

* ناونیشانی وتارێکی زنجیرەیی هاوڕێ (( بژار))ە

** هیوادارم خوێنەرانی هێژا دڵگیر نەبن و بەهەڵە وا تێنەگەن، کە نووسەری ئەم دێرانە، ڕۆژانێك کۆیلەی دەستی ئەو دەزگە دوور لە ئازادییە نەبووبێ، منیش وەک ئەنگۆ ڕۆژگارێك بە جادووی ئەو بیرکردنەوە سەرچڵانە فریووم خوارد بوو و قوربانی بووم.